
# "شەپۆل" لەهەڤپەیڤینێکی خۆمانەدا لەسەر چەن پرسێکی وەک "رۆژهەلاتی کوردستان"، "کوردی تاران"، "باشووری کوردستان" و ژیانی تاکی خۆی** ... رێناس جاف



دوابە دوای سە ر کە وتنی شۆڕشی گە لانی ئێران و پشت کردنی حکومە تی مە لایان لە ماف و خواستە ڕە واکانی گە لی کورد،جارێکی تر کوردی ڕۆژهە ڵاتی کوردستان ڕووی لە خە باتی چە کداری کردە وە. هە ر لە و دە مە وهرژێم سێبە رێکی قورسی خستە سە ر ناوچە کوردنشینە کان و ساڵانی ڕە شیدە سە ڵاتی حکومە تانی سە ردە ستی کوردستان، هە مدیس دە سپێکرایە وە. ڕە شبگیری و هە ڕە شە و گوڕە شە و ترساندن و تۆقاندن و شاربە دە رکردن و گرتن و بێ سە ر و شوێن کردن و لە ناوبردنی شۆڕشگێڕ و ڕووناکبیرانی کورد، سە ری هە ڵدایە وە. ڕژێم بە توندی چاوە دێری بە سە ر هە موو چە شنە جم و جوڵ و وە خۆکە وتنێکی کورداندا دە کرد. مێدیاکوردییە کانی ڕژێم تە واو ببوونە کە ڕە نای پڕۆپاگە ندە یی حکومە ت و ئە وە ی وتە ی چرووک و بێ بایە خ بوو، ڕە وانە ی بزاڤ و تە ڤگە ری سیاسی کوردیان دە کرد. بازاڕی پە ڕتووک و بڵاڤۆکی کوردی بە تە واوی پە کی پێ کە وتبوو. گە ر خودی ڕژێمیش بە کوردی شتێکی دە ردە کرد،سە تی سە ت لە خزمە ت بە رژە وە ندی حکومە تدا بوو و هە ر بە تە نیا بە نیازی خە ڵە تاندنی بیر و هزری کوردی و بۆ شاردنە وە ی سیمای کرێتی خۆی لای دونیا، ئە و کارە ی دە کرد. سە رباری ئە وە ش سانسۆرێکی توند بە سە ر دە زگە ی چاپە مە نی دازاڵ بوو. بیرە ئازاد و سە ر بە ستە کان،لە ژێر سێبە رێکی مە رگاوی داجگە لە خۆتە ریک خستنە وە، ڕێگە چارە یێکی دیکە یان لە بە ردە م نە بوو. لێ لە و کە شە خە فە تاوی و پڕگرانە دا چە ن دە نگێکی بوێری کورد وێڕای چوونە ژێرباری گە لێ تۆمە تی نابە جێ و دوور لە ئینساف لە لایە نپارتە کوردییە کانە وە، لە سە نگە ر و مە تە ڕێزی خە باتی چاندی و فە رهە نگییە وە خۆیان دە رخست. ئە رکی ئە م جۆرە کە سانە لە وا هە واێیکی نە گبە ت و کوشندە دا، پڕ گرانتر و قورستر لە ئە رکی تێکۆشە ر ی کورد لە سە نگە ری خە باتی چە کداری بوو؛ چونکە دە بوایە لە ژێر نسێی پیس ترین دە زگە ی سانسۆر و بە دە م زە خت و گوشار و هە ڕە شە و گوڕە شە یێکی توندە وە، ڕاژە و خزمە تی ووشە و پە یڤی ڕە سە نی کوردییان کردبایە. وە ر گرتنی سە رپشکی و ئیمتیاز بۆ لە چاپدانی گۆڤارێکی کوردیلە و ڕۆژە سە خڵە تانە دا نە کاری هە ر کە سێکە. یە کە م ورە و بڕوایێیکی بە رزی دە ویست کە سڵ لە پڕۆپاگە ندە یدژ بە کوردان نە کاتە وە، پاشان پاڵ پشتی دراوی و مادی گە رە گ بووئە و هە وڵە پیرۆزە بە ئە نجام بگە یینی. گە ڕانە وە بۆ ئە و ڕۆژانە و بیرە وە رییە کانی ساڵانی 1357 هە تاوی (1979 زایینی) بە م لاوە ڕە نگە بۆ زۆر کە سان هە ڵگری جانتایێکیادە وە ری تاڵ و شیرین بێت. هە ر بە و مە بە ستە و بۆ ئە وە ی بزانین بزووتنە وە ی چاندی ڕۆژهە ڵاتی کوردستان بە کامە قۆناخی دڕکاوی دا گوزە ری کردووە هە تا بە ورۆ گە یشتووە، لە هە ڤپە یڤینێکی خۆمانە دا بە کۆڵێکپرسیار، یە ک لە و کە سانە مان دواند نیازپاکانە بۆ خزمە تی کە لتوور و زمانی کوردی،هە موو هە وڵی خۆی دە کار هێنا. مامۆستا "حە مە ساڵە ی

ئیبرایمی" ناسراو بە " شە پۆل"،هە مان کە سایتییە لە و ساڵە تە مو مژاوییانە دا سە رمایە ی هزری و مادی خۆی بۆ بووژاندنە وە و بە رزکردنە وە ی رۆحی کوردی، دڵپاکانە خستە گە ڕ. وە رە لە زمان خودی مامۆستا شە پۆلە وە زێتری بناسە.





"شە پۆل" کوڕی مە لا برایم،کوڕی عارفی پایە بە رز حاجی خە لیفە مە لا محە مە د (بە ها) ئە مین حوزووری شێخ عوبە یدیلا نە هری شای شە مزین،کوڕی مە لا سە عیدی گە ورە،کوڕی مە لا عە بدولکە ریم ناودار بە شیرازی،کوڕی مە لا ڕە حیمی گە ورە یە. هە ندێ لە شێعرە کوردییە کانی خوالێخۆشبوو مە لا برایم لە کتێبی " پاڕانە وە " ئامادە کردنی ئامینە عە زیزی،پە ڕە ی 29 چاپی ساڵی 1380 هە تاوی بڵاو کراونە تە وە. مە لا برایم ساڵی 1310 لە دایکبووە و ڕۆژی هە ینی 1337/11/3 هە تاویلە شاری مە هاباد کۆچی دوایی کردووە و لە "تاقە دار"ی ئە وێندە رێنێژراوە. حاجی خە لیفە (بە ها) ڕۆژی 27 ڕە مە زانی ساڵی1354 کۆچی لە تە مە نی 83 ساڵیدا لە شاری نیشتمانپە روە ری مە هاباد،عە مری خودایکردووە و ئارامگە کە ی جێی ڕاز ونیازی شە یدایانیە تی و سە فە رنامە یحە ج و دیوانی شێعری بە کوردی و فارسی هە یە و "بابا مە ردۆخ ڕۆحانی" (شیوا) لە کتێبی " تاریخی مە شاهیری کورد"،بە رگی 1، رووپە ڕی 222،چاپی ساڵی 1364 هە تاوی، کورتە یێکی لە سە ر ژیان و بە سە رهاتینووسیوە و گە لێ پە سنیشی داوە و غە زە لێکی کوردیشی بە ناوی " نیگاری " چاپ کردووە،هە روە ها " برایمی ئە فخە می" لە کتێبی" فە رهە نگ و ئە دە بی موکریان"، چاپی ساڵی 1364 هە تاوی،بۆکان،لاپە ڕە ی 392 هە تا 395 بە کورتی لە سە ر سە ربردە ی "بە ها" ینووسیوە و غە زە لی نیگاری کوردی: نیگاری مە هوە شی زیبا، نیقابی شە رمی لا داوە لە شۆری عاشقان ئە مرۆ، دە لێی مە حشە ر هە ڵستاوە ی لە گە ڵ وێنە ی ئە و زاتە لە چاپ داوە. حاجی مە لا عە بدولکە ریم ناودار بە شیرازی، ڕاڤە و لێکۆڵینە وە ی لە سە ر ئایە تە کانی سوورە تی نوور نووسیوە و خاوە نی دێی "خاوێران" و " پیر یۆنس" بووە کە لە 20 کیلۆمە تری باکووری ڕۆژاوای شاری سە قزهە ڵکە وتوون، هە روە ها خودانی چە ن ئاش و ئاوایی دیکە ش بووە. حاجی مە لا ئە حمە د (عارف) کە دیوانی شێعری بە کوردی و فارسی هە یە و لە کتێبی "

مێژووی وێژە ی کوردی"، بە رهە می سە دیق بۆرە کە یی (سە فی زادە) و کتێبی " پارسی گویان" (پارسی وێژان) ، بە رهە می سە یید حیرە ت سە جادی،چاپی ساڵی 1375 هە تاوی و کتێبی " مێژووی ئە دە بی کوردی "،لە بن ژمارە ی 16 یادی کراوە و شێعرە کوردی و فارسییە کانیشی لە و دوو بە رهە مە دا لە چاپ دراون، هە روە ها حاجی سە لیم خان سە هامولمولک لە سە فە رنامە ی حە جی خۆیدا لە زانایی و ژیری ئە و زاتە قسە ی کردووە و نووسیویە تی: لە حە جساڵی 1310 مانگی (کۆچی) لە مە ککە و حیجاز بە نە خۆشی چاوقوڵکە،عە مری خودای کردووە و هە ر لە وێ نێژراوە. مە لا سە عیدی ئیبرایمی برا گە ورە ی شە پۆل،کتێبی " گە شتێ بە زانستە کانی بە لاغە، بە یان، بە دیع و مە عانی بە زمانی کوردی نووسیوە کە گە ر ڕۆژێک لە زانکۆی کوردستان ئە و عیلمە بە زمانی کوردیبخوێندرێ،ئیتر نیازمان بە " موختە سە ر و مە تول و جە واهە رولبە لاغە " ی عە ڕە بی نامێنێ، هە روە ها کتێبی " قارە مانانی نە تە وە ی کورد"،یبە زمانی کوردی لە مێژووی کورد، هە ر لە سە رە تاوە هە تا دە گاتە ڕاپە ڕینی ژە نە ڕاڵ مستە فا بارزانی،ڕابە ری نە تە وە ی کورد نووسیوە و ساڵی 1382 لە چاپی داوە و چە ن کتێب و وتاری بە نرخیشینووسیوە، شە پۆل لە نێو وا بنە ماڵە یێکی زانا و زانستپە روە ردا ڕۆژی 4/ 4/ 1312 هە تاوی (24 مانگی مە ی 1934 زایینی) لە شاری مە هاباد لە دایکبووە، هە ر لە نێو ئە و مە کۆی ئە شقە دا توانیویە پێ بگات و تێ بگا و گە شە و باڵا بکات. وە کی وتمبە گوێرە ی ناسنامە کە م لە سێی چواری ساڵی 1312 هە تاویلە شاری مە هاباد لە نێو بنە ماڵە یێکی زانستپە روە ر و ئۆجاخ زادە و ڕە سە ن دا لە دایکبووم. هە ر لە ماڵێ لە خزمە ت باوکما،کتێبە وردیلە کانی فە رهە نگی وئیسلامیم خوێندووە. هە تا پێنجی سە رە تایی لە فێرگە سە رە تاییە کاندە رزم خوێندووە، پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مە هاباد،بە ینێلە حوجرە ی فە قێیان لای کاکم مە لا سە عیدی ئیبرایمی دە رزم خوێندووە و پاشان بە ینێ لای مامم و لە نێو فێرگە ی فە قێیان لە لادێ وشارە کوردنشینە کانا لای مە لا باشە کان، زانستە کانی ئیسلامی باوی سە ردە مم تە واو کردووە و پاشان بۆ پیاچوونە وە و لێکۆڵینە وە ی زێتر چوومە تە لای زانای سە ردە م " حاجی مە لا حسێنی مە جدی" لە شاری مە هاباد و لە فێرگە ی ئە و، دوای توێژینە وە لە سە ر زانستە کان،سە رە نجام لای ئە و زاتە ئیجازە ی فتوا دە رکردن و وانە وتنە وە ی زانستە کانی ئیسلامیم وە رگرتووە، ئینجا ساڵی 1335 هە تاوی لە خانە قای نە هری لە مە هاباد، بوومە تە خە تیب و ئیمامی جومعە وجە ماعە تی ئە وێ، هە ر لە و ساڵانە دا لە لایە ن وە زارە تی فە رهە نگیئە و سە ردە مە وە لە مە لایان ئیمتیحانیان وە ردە گرت کە من لە و تاقیکارییە دا دە رچووم و بە ڵگە نامە ی زانستی وانە وتنە وە یان دامێ،پاشی ئە وە بە فە رمی بوومە مامۆستای زانستە کانی ئیسلامی لە" مزگە وتی سوور" ی مە هاباد، ئێوارانیش لە خانە قا چە ن ئایە تێکم لە بە ر دە کرد و بۆ ڕاڤە ی ئە و ئایە تانە، قسە م بۆ خە ڵک دە کرد، هە ر ئە وانە بوون بە فیش بۆ وە رگێڕانی قورئان و هە ل و مە رجێک پێش هات کە لە یە کی ڕە زبە ری ساڵی 1340 هە تاوی لە ڕێگە ی تاقیکارییە وە لە زانستگە ی زانستە ئیسلامییە کانی زانکۆی تاران وە رگیرام و هاتمە تاران ومە لایە تی و وانە وتنە وە ی مزگە وتی سوورم بە جێهێشت و خوێندم هە تالیسانسم (بە کالۆریۆس) وە رگرت و بە ردە وام بووم لە خوێندن و بێ تاقیکاری چووم بۆ خوێندنی دە ورە ی ماستە ری، دوای ئە وە بوومە مامۆستا لە قوتابخانە کانی دواناوە ندی تاران و پاش سە ر کە وتنی شۆڕش،لە ساڵانی 1371 هە تاوی بە م لاوە لە ڕێگە ی تاقیکارییە وە لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی بۆ دە ورە ی خوێندنی باڵا (دوکتۆرا) وە رگیرام و لە بە شیزمان و فە رهە نگی عە ڕە ب دا پلە ی دوکتۆریم وە رگرتووە. خاڵێک پێویستە لێرە دا ئاماژە ی پێ بکە م، لە خوێندنی زانکۆ چاوم کە وت بە

گه لێ ڕاڤه و ته فسیر له سه ر قورئان که به شێوه ی ئه هلی سوننه نووسرابوون، ده ستم دایه وه رگێرانی قورئان و ته واوم کرد به سه رنج به و فیشانه ی له کاتی لێدوان و وتاردان ئاماده م کرد بوون. ئه و قورئانه م ته واو کرد، ڕۆژێک گرتم به ده سته وه له گه ڵ کتێبێ که دوکتۆر سه عید خانی کوردستانی ئینجیلی وه رگێڕا بوو بۆ سه ر زوانی کوردی له ساڵی 1309 هه تاوی و کڵێسه ی "قه وامولسه لته نه" له تارانبه ناوی "مزگانی نه زانی" بۆی چاپ کرد بوو که پێشه کییه کی به رزی به فارسی بۆ نووسیبوو. بردم و چووم بۆ لای" په هل بوود" وه زیریفه رهه نگی ئه و سه رده مه، له پێشدا کتێبه ئینجیله که م دایێ، پێم وتئه مه کڵێسه له چاپی داوه دیاره خه ڵکی کورد که ئه مه بخوێنێته وه هۆگری په یا ده کا به دینه که ی حه زره تی مه سیح، منیش قورئانم وه رگێڕاوه بۆ سه ر زوانی کوردی و ڕاڤه شم کردووه هه تا گه ر خه ڵکبیخوێنێته وه زیاتر له سه ر بڕوا و ڕوانگه ی ئیسلامی سوور بن و هۆگری قورئانیش بن، بۆیه هاتووم لوتف بکه ی یارمه تیم بده ی و ده ستوور بده بیبۆمی چاپ بکه ن، په هل بوود دوای وردبوونه وه یێکی زۆر له کتێبه که ی دوکتۆر سه عیدخانی کوردستانی، چاوێکی خشاند به کوردییه که یدا و پاشان قورئانه که ی له من وه رگرت و چاوێکی پیا گێڕا و ڕووی له من کرد و وتی ئێمه ناتوانین قورئان به کوردی چاپ بکه ین چونکه کوردی "گویش" (ه) (بن زاراوه) ، گه ر ئێمه چاپی بکه ین قورئان ده بێته زبانێکی دی وبه هێز ده بێ و ئه وه زه بر له زمانی فارسی ده دا، من به دڵساردی له لای هه ستام و لێمدا ڕۆیشتم. هه تا سه رکه وتنی شۆڕش له به ر شه ڕ وشۆڕ هیچ نه کرا، دوای شه ڕ که کتێبی زۆر له سه ر دونیای عه ڕه ب و ئیسلام ده هاته پیشانگه ی کتێب، زۆر ته فسیرم ده س که وت و جارێکی دی چوومه وه به کوردییه که یدا و ئاماده م کرد بۆ چاپ.
ڕۆژێ کارمه ندانی گۆڤاری" ئاوێنه" که به زوانی کوردی له تاران ده رده چوو، هاتنه دیده نیم و منیش باسی وه رگێڕان و ڕاڤه ی ئه و قورئانه م بۆ کردن، جه نابی سه یید "کازم موسلح ژارئابادی" له بنه ماڵه ی ساداتی نه هری شای شه مزین، فه رمووی بیده به من هه تا" ده زگه ی ته بلیغاتی ئیسلامی" بۆتی چاپ بکات، منیش نووسخه یێکی پیت چنی کراوم که به وێنه ی قورئان و وه رگێڕان و ڕاڤه که ی ساز درابوو، دایه ده ستی، دوای11 ساڵان که ده زگه ی ته بلیغاتی ئیسلامی ده س به ده ستی کرد بوو،ساڵی 1376 هه تاوی به وێنه یێکی ڕه نگین و جوان له چاپیان دا و بلاویان کرده وه، من که له چاپی بێ هیوا ببووم، له پڕێک دیتم 30 نووسخه یان بۆ ناردم، به ڵام به داخه وه له چاپی دووه مدائایه تی ده سنوێژه که یان (ئایه تی 6 سووره تی مائیده) ماناکه یانگۆڕیبوو که له گه ڵ چاپی یه که مدا یه کیان نه ده گرته وه، منیش شکاتملێکردن و ئێسته ش له دادگه که دوو پارێزه رم بۆ گرتووه، ئه وان به مه حکووم ده رچوون به ڵام فه رجامیان له سه ر مه حکوومیه ته که داوه، هیوامه مه حکووم بن و ئه وسا قورئانه که یان لێ ده ستێنمه وه و دیسان به پێی بیر و باوه ڕی خۆم له چاپی ده ده مه وه و ئیدیعای شه ڕه ف و زیانی دراویشیان لێ ده که م و له ڕۆژنامه و گۆڤاران و له ئینته رنێت،بڵاوی ده که مه وه که له هیچ کوێی دونیا ئه وه نابینیکه بڵاو که ر له ڕووی ده سه ڵاته وه ده س له بیر و هزری نووسه ر یانوه رگێڕ بدا ت که ئه وان ده سکاری وه رگێڕانه که ی منیان کردبوو، به یارمه تی خودا تۆڵه یان لێ ده که مه وه و شه رمه زاریان ده که م. په یڤێک: ئه م هه ڤپه یڤینه ده مێکه له لامه و مخابن له به ر هه ندێ گێچه ڵ و گیر و گرفتی تاکی، پێم نه کرا زووتر له مه بڵاوی بکه مه وه. گه ر له هه ندێ شوێندا وته کان له گه ڵ پرسه کانی ئه ورۆدا نایه نه وهخه تاکه ی له منه و هه ر وه ک عه رزم کردن ژیانی سه رقاڵی نێو غوربه تی شاران ئه و ده رفه ته ی نه دامێ، خێراتر له مه بیخه مه به ردیده ی خوێنه ری کورد.

**ئه وه ش ده قی گفت و گۆکه ده گه ڵ مامۆستا شه پۆل**



پ: بۆ شه پۆل؟و: عه رزت بکه م" شه پۆل" یادگاری ده وره ی کۆمه ڵه ی "ژێ کاف" ه، به منالّی باوکم ئه و نازناوه ی بۆ دانام که بۆ خۆی نازناوی" خیره د" بوو، کاکیشم نازناوی" ئاویه ر" بوو.

پ: لای کوردی رۆژهه ڵات شه پۆل ناوێکه له به ره به ری سه رهه ڵدانیشۆرشی گه لانی ئێراندا،بزاڤێکی کوردی خسته رێ،ئه ویش له گه وره شارێکی وه ک تاران، بۆ خۆ چلۆن پێناسه ی خۆ ده که یت و چۆن خۆت به خوێنه ری کورد ده ناسێنی؟و: من تێفکریم له به ر ئه وه ی ئاشنای زمانی کوردی بووم و ده ره تانێ هاتبووه پێشێ ئه و کاره م له ده س دێ که بتوانم به زوانی کوردی بنووسم و هه ر له و رێگه شه وه خزمه تێک به زوان و فه رهه نگی کوردی بکه م. چونکه من ده رزم خوێندبوو و ده وره ی بالآی زانکۆم ته واو کردبوو پێم وا بوو بچمه هه رێمی کوردستان و خزمه ت به لاوان و گه نجان و مێرمنالآنیکورد بکه م و وانه یان پێ بلّێم. هه ر وه کو له تاران ده رزم ده گوته وه،پێم خۆشبوو له وێش له کوردستان ده رز بلّێمه وه، جا هاتم بۆ قه ره بووی ئه و کاره ده ستم دایه نووسین به زمانی کوردی. بۆ وێنه سالّی 1981 زاییینی گۆڤاری "گرشه ی کوردستان" م به زوانی کوردی بلآو کرده وه،ئه و ده مه ی له مه هاباد بووم ده ستم دابووه وه رگێرانی ئایه ته کانی هه لّبژارده و له تاران له زانکۆدا فیش به نییه کم هه بوو، زۆر راڤه و ته فسیری گه وره م که وته به رچاو و ده ستم کرد به کاملّکردنی راڤه و وه رگێرانی قورئان به کوردی. بۆ ئه وه ی زمانی قورئان بێته پشتیوانی زوانی کوردی و که س نه وێرێ وه کو سه رده می "شا" زوانی کوردیقه ده غه بکا یان به رهه م و په رتووکی کوردی و رۆژنامه کوردییه کانله ناو ببات و بیانفه وتێنێ، له وه بترسن که گه ر ئه و کاره بکه ن،قورئان کوێریان بکا و نه وێرن پێش به په ره ی زوانی کوردی بگرن. دیاره قورئانه کوردییه که سالّی 1376 هه تاوی چاپ بوو و هه تا ئێسته ش7 جاران له چاپ دراوه ته وه، بۆ وێنه له باشووری کوردستان به هۆی دوو براده ره وه وه به ناوه کانی مامۆستا "دانا" و مامۆستا "مه لا هادی"له ده هه زار نووسخه دا له چاپ دراوه ته وه. به لآم به داخه وه واتای بیسملاکانیان که به کوردی بوون، لێ قرتاندبوو. له و باره شه وه مه منوونیانم که زۆریان زه حمه ت کێشاوه. پاشان من هه ر بۆ خزمه تی زمان و که لتووری کوردی، فره تر له 19 په رتووکم له چاپ داوه. وه ک "باوی کورده واری"، " کۆزانی فه رهه نگی زبانی کوردی" چاپی دووه م، کتێبی "زانایانی کورد " له شه ش به رگدا که به رگی یه که م و دووه میبه ناوی "ژیناوه ری زانایانی کورد" و " زانایانی کورد" له چاپ دراون. ئه و چوار به رگه که ی دی به کۆمپیۆته ر پیت چنی کراون و ئاماده ی چاپن. هه ر وه ها په رتووکێکم به ناوی " راپه رینی حه زره تی شێخ عوبه یدوڵلآی نه هری" شای شه مزین،ئاماده ی چاپه و کتێبی "زریزه یزێرین " له هه ولێر،سالّی 1999 چاپ بووه، دیسان کتێبی "گه نجینه ی فه رهه نگ و زانین" سالّی 1371 هه تاوی له 10 هه زار نووسخه داچاپ بووه، په رتووکی " شاره هه نگ" و " زیندووی کورِی بێدار " له 15 هه زار نووسخه دا که ئه م دوو به رهه مه

لە لایە ن نووسینگە ی فە رهە نگی ئیسلامی لە تاران چاپ بوونە. ئە و بە رهە می زیندووی کوڕی بێدارە سێفە یلە سووفی وە ک شێخی ئیشراق، کوڕی سینا و ئیبنی توفە یلی ئە ندە لۆسی،کاریان لە سە ر کردووە، دیارە کاری شێخی ئیشراق بە ناوی "غوربە ی غە رببیە" هە ندێ لە گە ڵ ئە و دووە کە ی دیکە دا تۆفیری هە یە. هە ر وە ها "داستانی یۆسف و زولە یخا" بە کوردییە کی پە تی بە شێعری شاعیرانی کورد،پیت چنی و ئامادە ی چاپە. دیسان ڕاڤە وتە فسیری سوورە تی یۆسف بە شێوە یێکی زانستی و عیلمی، لێکۆڵینە وە یلە سە ر کراوە و وە رمگێڕاوە تە سە ر زوانی کوردی، هە ر وە ها پە ڕتووکێکم بە ناوی "ئە و زانا کوردانە ی کە لە زانستی بیرکاری"دا شارە زا بوونە، یان ئە و زانا کوردانە ی پسپۆڕی لێکدانە وە و ڕاڤە ی قورئان بوونە یاخۆ ئە و خواننامە کوردە ناودارانە ی یاخۆ ئە و ئافرە تە کوردانە ی لە زانستی قورئان و حە دیس و فە رهە نگ و هونە ردا شارە زا بوونە، پیت چنی کراون و ئامادە ی چاپن. جگە لە وە ی لە زۆربە ی کۆنگرە کاندابە شداریم کردووە. بۆ نموونە وتارێکم بە زوانی عە ڕە بی لە گۆڤاری زانکۆییئیسفە هان ساڵی 1345 هە تاوی چاپ بووە، هە روە ها بە شداری کۆنگرە ی گوستە رە ی زبانی فارسی لە زانکۆی تە وریز بووم،وتارێکیشم لە گۆڤاریئە و زانکۆیە ساڵی 1371 هە تاوی چاپ بووە، بە شداری لە کۆنگرە ی ڕێزنان لە مە ولە وی لە شاری سە قز و چاپی وتار لە کتێبیرێزنان لە یادی مە ولە وی، بە شداری لە کۆنگرە ی پە رە ی کوردستان وچاپی وتار لە کتێبی پە رە ی کوردستان، بە شداریکردن لە کۆنگرە ی ڕێزنان لە" سە یید ئە حمە دی باینچۆ" و چاپی وتار لە کتێبی" ڕیشە پاک" لە و بابە تە وە، بە شداری لە کۆنگرە ی هە ڵە بجە ی سووتاو و هێرۆشیمای کوردستان و چاپی وتار لە کتێبی هە ڵە بجە، دووپات کردنە وە ی هێرۆشیما، بە شداری لە کۆنگرە ی ڕێزنان لە بلیمە تی کورد "غوڵام ڕە زا ئە رکە وازی" و چاپی وتار لە گۆڤاری " ویرا". ئامانجی ئە و خزمە تانە تە نیا لە بە ر ئە وە بووە کە گە ر من نە متوانیوە لە فێرگە و زانکۆکانی کوردستانا، دە رز بڵێمە وە، لانیکە م لە تاران بە نووسینی کوردی بتوانم خزمە تی زوانی کوردی بکە م.

پ: ئە تۆ بە لە چاپدانی گۆڤاری "گرشە ی کوردستان" لە تاران، گوڕێکت بە بزاڤی ڕووناکبیری و ڕۆژنامە گە ری لە ڕۆژهە ڵاتی کوردستان بە خشی،چۆنت دە سپێکرد؟و: دە بێ بڵێم دە سپێکردنی من بۆ نووسین و بڵاوکردنە وە ی گرشە ی کوردستان بە زوانی کوردی، ئە وە بوو کە دیتم دوای ڕووخانی حکومە تی شادە رە تانێک هە یە، چووم لە وە زارە تی فە رهە نگی ئە و سا، ئیجازە ی بڵاوکردنە وە ی گۆڤاری گرشە ی کوردستان م بە زوانی کوردی وە رگرتچونکە من بە چاوی خۆ دیتم دوای شە هید کرانی پێشە وای نە مرهە رچی ڕۆژنامە و گۆڤار و نووسراوە ی کوردی هە بوو لە ماڵی پێشە وا و ماڵی وە زیرە کان و لە ماڵانی دی و لە دە فتە ر و نووسینگە کانا، هە موویان کۆ کرانە وە و لە چوارچرا نە وتیان بە سە ردا کردن و سووتێندران. چونکە دوژمن نایە وێ زوانی کوردی کە بناغە ی شوناسی کوردییە،بمێنێتە وە و پە رە بگرێت. من بۆ قە رە بووی ئە و کارانە دە ستم دایە بڵاوکردنە وە ی گرشە ی کوردستان کە یە کە م ژمارە ی لە 1 مارسی 1981 لە تاران لە چاپ درا و لە کوردستان بڵاو کرایە وە و هە تا 9 ژمارە ی لێ چاپ بوو. هە ر وە ها ڕۆژێک لە دێ چوومە سە ر چۆمە ئاوێک بۆ دە س نوێژگرتن،سە یرم کرد مامرێک خۆ ئە دا بە چۆمە ئاوە کە دا و خۆ قرژ ئە کا، وامزانیمار و جڕ و جانە وە رە،جووجە ڵە کانی دە خوات، دوو سێ خرە کە بە ردم هە ڵگرت هە تا بچم بە هاوارییە وە، دیتم جووجە ڵە کان لە نێو ئاوە کە دادێن و دە چن و مە لە دە کە ن، لە پڕێک کە وتمە بیری فە رموودە کە ی حاجی قادری کۆیی کە بە شێعر فە رموویە: هە رکێ بە زمانی فارسی یانترکی یان عە ڕە بی بنووسێ یاخۆ خە ڵک

فێر بكات و بۆ خۆ كوردزوان بێت،وە ك ئە و مامرە ی لێ دێ كە هێلكە ی مراوی هە ڵێنا و خزمە تی بە زوانی نامۆ و بێگانە كردووە،جامن لە بە ر ئە وە دە ستم دایە نووسین بە زوانی كوردی و ئە و كارە كوردییانە ی لە لام بوونە، ئە نجامم داون و هە تاڕادە یێكیش بە چاپ گە یشتوون، بە ڵام ئێستا زێتر لە 7 بە رگ پە ڕتووكملە ماڵە و ئامادە ی چاپن، چاوە ڕوانم خێرخواز و فە رهە نگ دۆستێك لە مدیو یان ئە ودیو لە چاپیان بدات.

پ: بۆ خۆ دە گە ڵ بە رە ێیكی زۆری ڕووناكبیر،نووسە ر و شاعیر وتۆرە وانی كورد دا پێوە ندیت هە بووە، هە تا بە وێ هە ر كوردێكلە هە ر ناوچە و مە حاڵ و بگرە لە هە ر كوێی دونیاوە ڕێی كە وتبێتە تاران، سە ری ماڵە كە ی داوی، هە گبە كە ی شە پۆل لە و هە مووبیرە وە رییە چی تیایە؟و: هە ر وە ك خۆت وتت بە سە رنج بە وە ی من ماڵم لە تارانە و كاریفە رهە نگی كوردیم كردووە، دۆستان و ناسیاوان كە لە ملاو لاوە سە ریان داوم و پێكە وە قسە و باسمان هە بووە، هە ندێ لە وان بێ هیوا بوون و لایان وابوو چونكە كورد بە سە ر چوار دە وڵە تاندا دابە ش كراوە زە حمە تە بە مافی ڕە وای خۆی بگات، هە ر وە ها برێك لە وان دڵگە ش بوون بە داهاتوو و جار جارە ش ڕایانگە یاندووە گە ر دوژمن زۆردارە، منیش هە م،هە ر ئە وە ندە ی كە هە م چ لە ڕێی نووسین بە كوردی و چ لە ڕێی فێربوونی زانست و هونە ر و تە كنیكی ڕۆژباو، چ لە ڕێی دە سدانە چە ك وڕاوە ستان لە هە مبە ر دوژمنانی كورد و كوردستان، سە رە نجام ڕۆژێك دێ ئێمە ش یە ك بگرین و سە ركە وین و بە مافی ڕە وا و خودایی وئینسانی خۆمان بگە ین. منیش بە ڕاستی زۆر هیوادار بووم و هیواشمە كورد ڕۆژێك بە مافی ڕە وای خۆ بگات و هە ر دە شگات،چون نە تە وە یكورد بە تێكڕا لێبڕاوە هە تا بە مافی ڕە وای خۆ بگات، با دوژمنانیشمل با بدە ن و خۆ گێل بكە ن، زێر بۆ هە میشە بە ژێر خۆڵە وە نامێنێتە وە.

پ: بە درێژایی تە مە نت ڕە وتی گە لێ سە ركە وتن و هە رە س هێنا ن وشكستی شۆڕش و ڕاپە ڕینە كانی كوردت بە خۆوە دیوە، ئاسۆی ئیستای كوردچۆن ئە بینی و پێت وایە كوردی ڕۆژهە ڵات بە رە و كامە ئالی دە چێ؟و: دیارە لە وە ڵامی ئە و پرسیارە دا دە بێ بڵێم سێ هۆكار بوونە مایە ینسكۆی بزاڤی كورد لە ساڵی 1975 دا. ئە و سێ هۆكارە بە لای منە وهیە كە میان "بۆمیدیە ن" بوو، كە خۆی 8 ساڵ شە ڕی كرد و گە یشتە سە ربە خۆیی و كورد لە و بارە وە یارمە تی دا كە چی ئە و زۆر بێ بە زە ییانە كارێكی كرد دە ستی شای ئێرانی نایە نێو دە ستی سە دام و بێ ئە وە بیرلە كورد بكاتە وە،كوردی بە و دە ردە برد كە بردی. خوداش تۆڵە ی لێ كردە وە و تووشی نە خۆشییە كی وای كرد لە پیسایی خۆی دە خواردە وە. دووە م تاوانبار شای ئێران بوو كە ئە ویش بە تف و لە عنە ت لە ئێراندە ركرا و وای لێهات كە س ڕاینە دە گرت. سێیە م تاوانبار سە دام بوو كە ئە ویش بۆ ماوە ی 10 ساڵان وە ك سە گی زنجیری، زنجیر كرا بوو و پاشانیش وە ك ڕێوی لە كون هێنایانە دە ر و بە ردیان بە هێلانە ی زوڵم و زۆریدا دا. بە بڕوای من بە لاچوونی ئە و سێیانە،دە روازە ی ئازادی بۆ نە تە وە ی نە جیبی بە شخوراوی كورد كراوە تە وە. كورد ئە ڵێ: "خوا تۆڵە ی بزنی كۆڵە لە بزنی شاخدار ئە ستێنێتە وە. تۆڵە ی ئێمە ی كوردیش لە و سێ شاخدارە سە ندراوە تە وە و ئاش بە نۆرە یە و بە یە قین نۆرە ی ئێمە ش دێ.

پ: بە سە رنج بە و دە ستكە وتانە ی كوردی باشووری كوردستان،پێی گە یشتووە، داهاتووی تە ڤگە ری كورد لە ڕۆژهە ڵاتی كوردستان چلۆن ئە بینی؟و: دیارە سە ركە وتنی كورد لە باشووری كوردستان، لە ڕاستیدا دە بێتههۆی سە ركە وتنی كورد لە تە واوی پارچە كانی

کوردستان بە تایبە ت رۆژهە ڵاتی کوردستان کە سە ردە مێک کۆماری کوردستان لە مە هاباد ساز دراوە کە ئە وە دە بێتە مایە ی ئە وە ی کورد بە راپە ڕینێکی ژیرانە بە مافی ڕە وای خۆی بگات و لە گە ڵ باشووری کوردستان یە ک بگرێت بە تایبە ت لە و دوو بە شە دا کورد بە هاودە نگی زۆرتر خە باتی بۆئازادی کورد کردووە.

پ: بزوتنە وە ی رووناکبیری رۆژهە ڵاتی کوردستان چلۆن ئە بینی؟و: بە ڕاستی جێی خۆشحاڵییە کە لە م هە ل و مە رجە دا ئێمە لە سە رانسە ری رۆژهە ڵاتی کوردستان دا زێتر لە 25 هە زار زانین خوازمان لە زانکۆکان هە یە و هە ر ئە وە بۆ خۆ دە بێتە هۆی ئە وە ی مرۆڤی زانا، لە کارزان، فە رهە نگ دۆس، رۆژنامە نووس، توێژە ر لە نێو ئە و گە نجانە دا سە ر هە ڵدا و بە ڕاستیش خودا بیانپارێزێ رووناکبیرانی لە کارزان و دڵسۆزی کورد و کوردستان،لە و نێوانە دا زۆر پە یدا بوونە. ئێستاجێی شانازیین و لە م بارە وە لە چاو ساڵانی 1945 زۆر لە پێشترین وخوێندە وارە کانمان هە تا دێ زێدە دە بن و بە رە و پێشە وە دە چن و دە بنە مایە ی رزگاری کورد و کوردستان.

پ: کۆماری ئیسلامی بە دروشم دان و هە را و هوریا، گە لێ باسی مافی کە مینە کان دە کات کە چی بە کردە هە تا بە ورۆ دە رووبێکی وای لە ڕووی کوردان لە م بە شە ی کوردستانا نە کردۆتە و، چۆن سە یری ئە مپرسە دە کە ی؟و: بە داخە وە دە بێ بڵێم ئێمە ی کورد زۆر چاوە ڕوان بووین کە تاغووت نە ما، هە ڵسوورێنە رانی کۆماری ئیسلامی، بە چاوی داد و عە دڵی ئیسلامی،لە گە ڵ کورد بجوڵێنە وە و کورد کە نە خشی زۆر گرینگی لە رووخانی رژێم بوو،لانیکە م ئە م رژێمە کارێک بکات کورد بە مافی رە وای خۆی بگات،بە ڵام دیارە کورد دە بێ بۆ خۆ لە رێی یە کبوون و یە کگرتن،بتوانێجۆرێیک یە ک بگرێ کە ماف و حە قی رە وای، خۆی بە دە س بێنێ، بێگانە و داگیرکە ر لە زاتیان دا نییە کە مافی یە کسانی پێ بدە ن. ماف نادرێ دە بێ بستێندرێ گە ر ئێمە بتوانین وا یە کیە تییە ک پە یا بکە ین بۆ وێنە ئە تۆ جگە رە لە نێوە ڕاستی رۆژدا لە گە رمای نێوە ڕاستی هاوین،بگرە بە ر ئە و خۆرە،جگە رە داناگیرسێ، بە ڵام هوردبینێ بێنە بیدە یە بە ر خۆرە کە،چونکە رووناکی خۆرە کە کۆ ئە کاتە وە، گە ر جگە ر ە کە ی بە ر بخە ی، خێرا دایدە گیرسێنێ. ئێمە ی کورد دە بێ وە ک ئە و هوردبینە هێز و توانای خۆ، یە ک بخە ین، دە ستی برایە تی لە نێو دە ستی یە کدی بنێین و مینا زنجیر دە ستمانلێک هە ڵپێکین، دە نا بە تە مای ئە م و ئە و هە میشە دە بێ کز و چاو لە ڕێ بین.

پ: تاقمێک کوردی رۆژهە ڵات نێزیک لە دە زگە ی دە سە ڵات،ئە مرۆکە سووکە ئیمتیازێکیان وە دە س خستووە کە چی ئە وە ی لە وان دە بینرێ،تە نێ هە ر زە قکردنە وە ی پرسە کانی کوردی باشوور ە،ئایا پێت وا نییە ئە مە چە شنە فریودان و خاپاندنی بیر و هزری کوردی رۆژهە ڵاتە؟و: سە بارە ت بە وە ی کە هە ندێ لە برا کوردە کانی رۆژهە ڵات،خۆیانلە دە زگە ی دە سە ڵات نێزیک کردۆتە وە و بۆرە ئیمتیازێکیان وە رگرتووەدە بێ بڵێم لە لایێکە وە جێی دڵخۆشییە کە توانیویانە وا لە دە زگە ی دە سە ڵات بکە ن،دان بنێ بە هە ندێ مافی کوردا وە ک بڵاوکردنە وە برۆژنامە و گۆڤار بە زوانی کوردی،بە ڵام ئە وە ی ڕاستی بێت ئە مە یە ئە وانە جۆرێک پە لە قاژە یە و دوژمن دە یە وێ لە و ڕێگە وە بە ر بە راپە ڕین و بیرکردنە وە ی کوردان بگرێ و بە وە سە رقاڵیان بکات هە تا واز لە داواکردنی مافی خۆ بێنن بە ڵام ئە م جۆرە فریودان وکە ڵە ک و کوڵە کە بۆ هە تا هە تا سە ر ناگرێ چونکە دونیای ئە مرۆ دونیای زانست و رووناکییە، شوکر بۆخوا کوردی ئێمە ش

ڕووی کردۆتهفێر بوونی زانستی رۆژباو، لە ڕێی زانستیشە وە کوردیش تێدە گات و پێدە گات و یە ک دە گرێ و لە ڕێی یە کگرتن و یە کبوونیشە وە بە مافی ڕە وای خۆی دە گات.

پ: شە پۆل لە نێزیکە وە ئاگای لە مامە ڵە ی مێدیاکوردییە کانی ڕژێمدە گە ڵ زمان و کە لتووری کوردی هە یە، ئە م پرسە چلۆن دە نرخێنێ؟و: دیارە ڕژێم دە یە وێ بە ڕووالە ت بە دونیا نیشان بدات کە مافیزمان و فە رهە نگی بە کوردی ئێران داوە،بە لاّم لە ڕاستیدا ئە وهقە ڵە م بە دە س و نووسە ر و شاعیرانی کوردن لە رۆژهە لاّتی کوردستانکە توانیویانە و دە شتوانن بۆ بووژاندنە وە و پە رە پێدان بە زمان و فە رهە نگی کورد تێکۆشن و هە تا ئێستاش درێخییان نە کردووە ئە گینا ڕژێم نە یویستووە و ناشیە وێ زوانی کوردی پە رە بگرێ. دە نا لە ماە ی 25 ساڵی ڕابوردوودا بۆ نە یهێشتووە زارۆکی کورد لە فێرگە کانا بە زوانی کوردی بخوێنن. تە نانە ت لە ڕادوێ و تە لە فزیۆنی سنە بە ر نامە بە زوانی فارسی بۆ مناڵی کورد بلاّو دە کە نە وە،بۆ ئە وە یفێرە فارسییان بکە ن.

پ: بە ناو کورد لە مە جلیسی ئێراندا نزیکە ی 15-10 نوێنە رێکی هە یە،بۆ ئە وە ندە لە حاند کێشە و پرسە کانی گە لە کە یان هە لۆیست نزمن؟و: بە ڕای من لە بە ر ئە وە یە کە ئە وانە هە ر چە ند بیشکۆشن، ئە مرژێمە وە رامیان ناداتە وە و جار جاریش بە بیانووی جیا جیا،نوێنە رانی کوردی تووشی کە ند و کۆسپ کردووە، ئە و نوێنە رانە یکورد لە مە جلیس دا لە ڕاستیدا هە ر بۆ ئە وە یە کە بلێن کوردلە مە جلیس نوێنە ری هە یە،لە حە قیقە تدا حسێبێکی ئە وتۆ لە سە رنوێنە ر کورد ناکرێ. تە نیا لە بە ر ئە وە یە کە دە نگ بە پلان وگە لاّلە کانی پە سن کراوی مە جلیس بدە ن کە دە سکە وتە کە ی زێتربۆ شارە کانی ناکوردە. دیارە ئە م دە ولە تە ش چاک دە زانێ کێ بکات بە نوێنە ر.

پ: گە ڕانە وە ی مامۆستا "هێمن" لە شاخە وە بۆ ناو جە رگە ی جە ماوە ر و خە باتی چاندی و کە لتووری چلۆن هە ڵئە سە نگێنی؟و: من کە نە مر هێمن گە ڕایە وە چووم بۆ بە خێر هاتنی، بڕیاریش بوو کە کۆماری ئیسلامی بیقۆزێتە وە و" سروە" ی بداتێ بۆ ئە وە ی سە رقاڵی بکات ودڵخۆشی بداتە وە، مام هێمن فە رمووی بە ڕاستی من فلاّنە کە س تاقە ت وهێزی ئە وە م نە ما بوو کە لە کێو بم، برا پێشمە رگە کانیش بە و جۆرە یکە پێویست بوو نە یاندە ویست پێم بچارێن. منیش لە ورە کە وتبووم، نە مدە توانی لە وە زێتر لە کێو بم و ئاوارە بم، کۆماری ئیسلامیش ئە وهگۆڤاری "سروە" ی پێداوم گە ر بتوانم خزمە تی فە رهە نگی دە کە م،ئە وە ڕای خۆی بوو، مام هێمنی نە مر گازندە ی لە برا حیزبییە کانی بووکە تانە و تە شە ریان لێدابوو و بە پیاوی بێگانە یان ناو بردبوو، هە روە هالای من گریا و گوتی کە کوڕە کانیش لە سروە هاوکاریم دە کە ن، من برێکشپرزە م و جار جاریش سیغار و مۆدنە و قووتوە تووتنە کە م لێ دە شارنە وە و ئازارم دە دە ن بە لاّم چار چییە دە بێ بسووتێم و بسازێم. لە مام هێمن بیرە وە رییە کم هە یە کە پێویستە بلێم رۆژێک مامۆستا هێمنهاتبووە تاران هە تا لە زانکۆ شێعر بۆ زانستخوازان و کوردانی تاران بخوێنێتە وە، خوانی نیوە ڕۆێیک میوانی دوکتۆر " سادقی شە رە فکە ندی"بوو کە سە یدای زانکۆ بوو لە تاران، تە لە فۆنی بۆ کردم کە مام هە ژاریکاکم و مام هێمن نانی نیوە ڕۆ میوانی منن، پێم خۆشە تۆش بێی،منیشچووم، لە کاتی نان خواردن دا مام هێمن تە نیا تێ گوشینی شۆرباوە کە یخوارد و گۆشت و برینجە کە ی نە خوارد، چونکە ددانی نە بوو، منیش دوایان خواردنە کە بە بۆنە ی ئە وە وە سواری ماشێنم کرد و بێ ئە وە بیزانێ سە ر ڕاس بردمە لای دوکتۆرێکی ددانساز، کە دابە زی و چاویبە تابلۆکە کە وت، وتی فلاّنە کە س بۆ کویێم دە بە

ی، وتم قوربان دە مە وێ دە ستێ ددانت بۆ ساز کە م، ئە ویش دە ستی کرد بە گیرفانیا ودانە دە ستکردە کانی دە رهێنا و وتی ناتوانم هیچیان پێ بخۆم و تە نیا تریت دە خۆم.

پ: تاران بە درێژایی ئە و هە موو ساڵانە چی پێ بە خشیوی و چی لێ سە ندووی؟

و: ژیانی من لە تاران ئە وە ی پێ بە خشیوم بتوانم لە زانکۆی تاران دە رز خوێندنە کە م بە شێوە ی ئاکادێمی تە واو بکە م و بە لە ونێکی دیکە بچمهێو دونیای زانست و هونە ر و بیرکردنە وە. دیتنی گە لێ کە سایێتی زانا و بیرورد لە تاران،فێری ئە وە ی کردم چۆنمنیش رێگە ی خزمە ت بە نە تە وە ی خۆم درێژە پێ بدە م. دیارە زۆرشتیشی لێ سە ندووم، یە ک لە وانە دوور بوون لە نیشتمانی خۆشە ویستم،لە و بابە تە وە خە فە تمە کە نە متوانیوە لە نزیکە وە ئە و زانستە ی خۆملە رێگە ی دە رزوتنە وە بگوێزمە وە بۆ لاوانی کورد. هە روە ها لە تارانئێمە هە میشە وە کو نامۆ سە یر کراوین. بێجگە لە مامۆستایی قوتابخانانئە ویش بە زۆر کە ناچار بووم ئیتر پلە و پایە ی ئە وتۆیان بە ئێمە مانانە داوە، هۆی ئە وە ش ئە وە یە کە ئێمە دە وڵە تێکی سە ربە خۆی خۆماننە بووە، ئە مانیش بە چاوی جیایخواز و نامۆ، سە یری ئێمە یان کردووە،من هە میشە لە تاران خۆم وە ک یە خسیرێک لە قە فە زدا دە بینم، تە نیادڵم بە وە خۆش بووە کە چوومە تە نێو پە ڕلان و کتێبخانە کان هە تالە زانین و فێر بوون زێتر ورد بوومە تە وە.

پ: پێت وایە ژماری کوردانی تاران چە ند دە بێ، ئایا کورد لە تارانخاوە نی دە زگە و سە نتە رێکی کە لتووری و چاندین؟و: دیارە چ ڕژێمی پێشوو و ج ئە م ڕژێمە ئامارێکی وردیان سە بارە ت بە نە تە وە کانی ئێران بڵاو نە کردۆتە وە هە تا مرۆڤ بتوانێ بە گشتیبزانێ ژماری کورد لە ئێران چە ندە یە، تە نانە ت لە تارانیش هە رگیزئامارێکی وا بڵاو نە بۆتە وە کە بڵێن ئە وە ندە کورد یان ترک یاخۆ بە لووچلە تاران دە ژین بە ڵام شارە زایانی کورد بۆ خۆ لایان وایە زێتر لە ملوێنێک و 600 هە زار کورد لە تاران و دە ور و بە رە کە ی دە ژین. ناوە ند و سە نتە ری کوردی بۆ بووژاندنە وە ی فە رهە نگ و زوانی کوردیلە پێشدا ئە نجومە نێک بوو بە نێوی" ئە نجومە نی فە رهە نگ و هونە ر وزمانی کورد" کە 10 کە س خاوە ن قە ڵە م ئە ندامی بوون و بە شێوە ی فە رمیش دوای 13-12 ساڵ بە دواداچوون، لە لایە ن وە زارە تی ناوخۆ وئیرشاد و هێزی ئینتزامی لە 1378/9\20 هە تاوی ئیزننامە ی فە رمی وە رگیرا و هە تا 9 ژمارە ش گۆڤار بە زوانی کوردی و فارسی هی ئە وئۆرگانە بڵاو کرایە وە، ژمارە ی حە وتی ئە و گۆڤارە تایبە ت بوو بە ئاوڕدانە وە یێک لە کارە ساتە کە ی هە ڵە بجە، بە ڵام دە وڵە ت هیچجۆرە یارمە تییە کی دراوی و هزری نە دا و لە ئاکامدا بە شێوە ی نیوە چڵی جارێ چالاکی پە کی پێ کە وتووە. لە لایێکی دیکە شە وە لە لایە ن 7 کە س لە کوردانی دڵسۆز و هۆگر،" کۆمە ڵە ی کۆمکاری کوردانی تاران" دامە زراوە و ئێستاش خە ریکی کار وچالاکی کوردییە. هە روە ها سە نتە رێکی کە لتووری بە نێوی ئە نیستیتۆی کوردلە تاران دامە زراوە و ڕۆژنامە یێکیش بە ناوی ئاشتی دە ردە کات. " سە رباری ئە وە ش "خانە ی کوردانی کرماشان" هە یە و ئە وانیش جار جارە لە گە ڵ کۆمە ڵە ی کۆمکاری کوردان پێکە وە بە رنامە ی فە رهە نگی و هونە ری بە ڕێوە دە بە ن.

پ: کوردی تاران چ دە ورێک لە بزاڤی ڕووناکبیری کوردی دا دە بینێ؟و: هە تا ئە و جێیە ی پێیان دە کرێ و لە دە ستیان دێ کۆڕ و کۆبوونە وە یان هە یە، کۆنگرە دە بە ستن بۆ ڕێزنان لە شاعیر و نووسە ر وهونە رمە ندان. دیارە ئە و جۆرە هە وڵانە خزمە تێکە لە پێناو بووژاندنە وە ی فە رهە نگ و داب و نە ریتی کوردی دا و هە روە ها ئاشنا کردنی

کوردان بە یە کدی. ڕاستە کورد لە تاران زۆر پە رژ و بڵاوەبە ڵام لە زۆر قۆناخی ناسک و هە ستیاردا توانیویە چالاکانە وبە دە س و برد خۆ دە ربخات و خاوە ن هە ڵویست بێت.

ڕێناس جاف: مامۆستا شە پۆل بە و پرسیارانە ماندوومان کردی،سوپاس بۆ تاقە تت.
شە پۆل: سوپاس بۆ تۆش،هیوای سە رکە وتنت بۆ دە خوازم.